

# ئافرەتانی کورد خاوەنی هەستی بەهێزی نەتەوەیی و بیری نیشتمانین

## ئافرەتان بۆ بەشداری لە شەڕی دژەتیرۆر ئامادەن

بە داگیرکردنی موسڵ لە لایەن چەکدارانی گرووپی تیرۆریستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی کە بە(داعش) ناسراوان، سەرکردایەتیی کورد هێزە جەنگاوەرەکانی پێشمەرگەی بۆ پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ئاگادار کردەوە کە سەنگەرەکانی بەرگری قایم و مکۆمتر بکەن. بەڵام هێزەکانی داعش ئاڕاستەی هێرشەکانیان بەرەو پەلاماردانی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان گۆڕی و تەنانەت هەوڵی پاکتاوکردنی کوردە ئێزیدییەکانیان دا، ئەوەش وایکرد سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیار بدات پێشمەرگە لە دۆخی بەرگری بێنەدەر و تیرۆریستانی چاوچنۆك لە سەر خاکی کوردان راماڵن. هاوکات لەگەڵ ئەو فەرمانە مێژووییەدا، پیاوان و ئافرەتانی کوردستان لە هەر رێگەیەکەوە کە بۆیان لوا بێ، چ بە خوێنبەخشین و چ بە پشتیوانی و گەیاندنی هاوکاری بە بەرەکانی شەڕ و دالّدەدانی ئاوارەکان و، چ بە ناونووسین و دەربڕینی ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە شەڕی دژ بە تیرۆریستان دووپات کردەوە، ورەی زیاتریان بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەخشی، هەتا برووسکەئاسا رووبەڕووی هەر هێزێکی داگیرکەر و پیلانگێڕ ببنەوە کە بیانەوێ ئاسایش و هێمنی و ئاوەدانی کوردستان تێکبدەن. لەو هەڵمەتانەشدا ئافرەتانی کورد شانبەشانی پیاوان بەردەوامن و جارێکی دی سەروەرییەکانی مێژووی رابردووی خۆیان و نەتەوەکەیان دووبارە دەکەنەوە.

# ئافرەتان بۆ بەشداری لە شەڕی دژەتیرۆر خۆیان ناونووس دەکەن





د. ڤیان سلێمان:

**ئافرەتی کورد لە رۆژانی تەنگانەدا تەنیا بە پەروەردەکردنی منداڵ خۆی گیرۆدە نەکردووە و هەردەم لە شێواز و جۆرەکانی خەباتدا رۆڵی بەرچاوی هەبووە**



پەرلەمانتار ئامینە زکری:

**ئافرەتانی کورد جگە لە بەشداریی سەربازی دەتوانن ببنە چاوێکی نەنووستوو بۆ چاودێری و پاراستنی لایەنی ئەمنی ئەوەش هیچی لە بەشداریکردن لە بەرەکانی شەڕ کەمتر نییە**



سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان (د. ڤیان سلێمان)، سەبارەت بە دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و رۆڵی ئافرەتان لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و داگیرکاریدا، لە دەستپێکی ئاخافتنەکەیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «پێویستە هەموو تاکێکی کوردستانی بەبێ جیاوازیی رەگەز و تەمەن رۆڵی خۆی بگێڕێت، چونکە کوردستان وەك نیشتمانی دایك لەم دۆخە هەستیارەدا پێویستی پێمانە و زۆر گرنگە بەبێ گوێدانە جیاوازیی رەگەزی و ئایینی و تەمەن هەمووان پێکەوە بیپارێزین»، گوتیشی: «ئەرکی پێشمەرگەی کوردستان زۆر پیرۆزە کە بەرگری لە خاك و نەتەوە و نیشتمان دەکەن، بەڵام ئەرکی پیرۆزتر و ئەستەمتر لەسەرشانی ئافرەتانە کە دایکی منداڵی ئەو پێشمەرگانەن کە بەرگری لە خاکی کوردستان دەکەن و بوونەتە بەرگریکاری نیشتمان، چونکە هەر دایکێك کە منداڵی پێشمەرگەیەك پەروەردە دەکات، ئەوەندەی پێشمەرگەیەك خەباتەکەی پیرۆزە .لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتی کورد لە رۆژانی تەنگانەدا تەنیا بە پەروەردەکردنی منداڵ خۆی گیرۆدە نەکردووە و هەردەم لە شێواز و جۆرەکانی خەباتدا رۆڵی بەرچاوی هەبووە».

**بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە یەکێك لە پیرۆزترین ئەرکەکانە**

د. ڤیان جەختی لەوە کردەوە کە لەم رۆژانەدا بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە یەکێك لە پیرۆزترین ئەرکەکانی سەرشانی ئافرەتە و دەبێتە هاوکارێك بۆ ئەوەی پێشمەرگە باشتر بەرگری لە خاکی کوردستان بکات، هەروەها ئافرەتان هەریەکەیان بە جۆرێك و بە گوێرەی توانایان و لەئاستێك هەنگاوەکانی سەرکەوتنی نیشتمانیان خێراتر کردووەو تەنانەت دەتوانن وەك پیاوانیش لە بەرەکانی جەنگ بەشداربن.

لەلای خۆیەوە د. چنار سەعد عەبدوڵڵا ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەی بەوە دا کە ئافرەتانی کورد بەشێکی سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستانن و ئەگەر زۆرینە نەبن، ئەوا کەمتر نین، بۆیە ئەوانیش وەك پیاوان دەبێت لە هەموو رەوشێکی ئەم نیشتمانەدا بەشدار بن. گوتیشی: «بە درێژایی شۆڕش و راپەرینەکان هەمیشە ئافرەتان لەگەڵ باوك و برا پێشمەرگەکانیاندا خەباتیان کردووە، زۆر ئافرەتیش چەکی شەرەف و تێکۆشانی لەشان کردووە و لە پێناوی خاکی کوردستاندا پێشمەرگایەتی کردووە». ئەوەشی خستەڕوو کە لە ئێستاشدا ئافرەتان دەتوانن بەچەندین رێگەی جیاواز و گرنگ بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن، نموونەشی بەوە هێناوە کە چەندین ئافرەت توانیویانە کەمپین پێکبهێنن بۆ ئەوەی هاوکاری و کۆمەك کۆبکەنەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە لە چەند رۆژی رابردوودا چەندین ئافرەت روویان لە نەخۆشخانەکان کرد، هەتا وەك براکانیان



ئەوانیش لە هەڵمەتەکانی خوێنبەخشیندا بەردەوام بن، ئەمە بێجگە لەوەی کە چەندین چالاکیی جۆربەجۆر لەکوردستان ئەنجام دراوە، هەزاران ئافرەت ناوی خۆیان وەك خۆبەخش تۆمار کردووە بۆ ئەوەی لەبەرەکانی جەنگ بەشداربن و لە خاکی پیرۆزی کوردستان بەرگری بکەن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئافرەتانی کورد خاوەنی هەستی بەهێزی نەتەوایەتی و بیری نیشتمانین و دەتوانن شانبەشانی پیاوان چەکی شەرەف بکەنە شانیان وبەرگری لە خاکی کوردستان بکەن، وەك چۆن لە رابردوودا چەندین ئافرەتی پێشمەرگەمان هەبووە کە چەکی خەباتیان لەشان بووە و وەك پیاوان بەرگرییان لە خاکی پیرۆزی کوردستان کردووە».

**داوامان کردووە ئافرەتانی خوازیار لە مەشقکردنی سەربازی بێبەش نەکەن**

پەرلەمانتار ئامینە زکری، سەبارەت بە هەمان پرس رایوایە ئافرەتی کورد هەمیشە پێشەنگی تێکۆشان و قوربانیدان بووە و لە خەباتی شاخ و



شـــار و سەرجەم شۆڕشـــەکانی گەلی کوردا رۆڵی هەبووە. ئەو پەرلەمانتارە دەستخۆشـــی لەو ئافرەتانە دەکات کـــە ســـەردانی بەرەکانی جەنـــگ دەکەن و بەشـــێوەی خۆبەخش لە ســـەنگەرەکانی پێشـــەوە یارمەتـــی و هاوکاریی برا پێشـــمەرگانیان دەکەن. گوتیشی: «ئافرەتی کورد هەمیشە رۆڵێکی کارای لـــە بەرگریکردن و خەبات و پاراســـتنی وڵاتەکەیدا هەبووە، لە ئێستاشـــدا دەتوانن هەریەکەیان لە بواری خۆیدا خزمەت بکات و بەرگری لە کوردستان بکات، واتە ئافرەت دەتوانێت هەم وەك پێشمەرگە بەرگری لە کوردستان بکات، هەم لە کاتی هاتنی رێژەیەکی زۆر لە ئاوارەکاندا کۆمـــەك و هاوکاری کۆبکەنەوە، یان هاوکاری ئەو رێژە زۆرەی ئاوارەبن لەکاتی هاتنیان بۆ شارەکان، هەم دەتوانن ببنە چاوێکی نەنووستوو بۆ چاودێری و پاراستنی لایەنی ئەمنی ئەوەش هیچی لە بەشداریکردن لە بەرەکانی شەڕ کەمتر نییە.

**ورەبەرزیی دایك و هاوســـەری پێشـــمەرگە هەوێنی بەرگری نیشتمانییە**

د. چنار ســـەعد لەکۆتایی ئاخافتنەکەیدا دا باسی ئەوەی کرد کە ئافرەتانی کـــورد چۆن لە رابردوودا



هەڵگری مەشخەڵی خەبات و تێکۆشان بوون، ئەمڕۆش وەك پیاوان هەڵگری هەمان مەشـــخەڵن لە خەبات و بەرگری لە خاکی کوردستان و گوتی: «ورەبەرزی و نیشتمانپەروەری دایك و هاوسەری پێشمەرگەیەکی ئازا وادەکات، کە پێشـــمەرگە بەو پەڕی بەهێزییەوە بەرگری لە خاك و وڵاتەکەی بکات، هەر ئەوەشـــە بووەتە هەوێنی بەرگریی نیشتمانی بۆ گەلەکەمان و وڵاتەکەمان لە داگیرکردنەوە دەپارێزێت».

**ئەرکەکانمان بەسەر گەڕەکاندا دابەش کردووە**

چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی چیمەن ڕەشید، ڕایوایە «هەمـــوو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەتوانن ڕۆڵێکـــی کاریگەرییان لە بەرگریکـــردن لە خاکی کوردستان هەبێت. بێگومان ئەرکی سەرشانی هەموو کوردستانییەکی دڵسۆزە بە ئافرەت و پیاو، بە منداڵ و بەساڵاچووانیشـــەوە کە هەستی کوردایەتی هەبێت و بەرگری لە خاکەکەیان بکەن. هەرکەسێك هەستی نەتەوایەتی هەبێت و نیشـــتمانی خۆی خۆش بوێت، دەتوانێت لەو ڕۆژەدا کە وڵاتەکەی لە مەترســـیدایە هەمـــوو هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بـــۆ بەرگریکردن و پاراســـتنی نیشـــتمانەکەی، ئەوەش بە تەنیا ئەرکی



چیمەن رەشید:

**ئێمە رۆژانە ئەرکەکانمان بەسەر گەڕەکاندا دابەش کردووە و هەر گەڕەکەو کارێکی پێ سپێردراوە، بۆ نموونە لە گەڕەکێک خواردن ئامادە دەکرێت بۆ پێشمەرگە، لە شوێنێکی دیکە کۆمەک و کەلوپەل بۆ ئاوارەکان کۆدەکرێتەوە**



د. چنار سەعد:

**وەرەبەرزی و نیشتمانپەروەریی دایک و هاوسەری پێشمەرگەیەکی ئازا وادەکات، کە پێشمەرگە بەو پەڕی بەهێزییەوە بەرگری لە خاک و وڵاتەکەی بکات، هەر ئەوەشە بووەتە هەوێنی بەرگریی نیشتمانی بۆ گەلەکەمان و وڵاتەکەمان لە داگیرکردنەوە دەپارێزێت**

ئەرکی پێشـــمەرگە نییە کە تفەنگ بکاتە شانی و بەرگری لە خاکی کوردســـتان بکات، بەڵکو ئەرکی هەمـــوو تاکێکی کوردســـتانە وەك پێشـــمەرگەیەك وڵاتەکەی بپارێزێت، ئەوەشمان لەیاد نەچێت، ئەمڕۆ هەموو کەسـێك دەتوانێت لە زۆر بـواری جیاوازدا خزمەت بە گـــەل و وڵاتەکەی بـــکات، بەتایبەتی وەك دەزانین کە شـــارەکانی هەولێر و دهۆك نزیکن لە سنووری تیرۆریستان و لەبەر ئەوە ئەرکی سەرشانمانە کە بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردســـتان بکەین و بەهـــەر دوو رەگەزەوە وەك پێشـــمەرگەیەك خزمەت بە وڵاتەکەمان بکەین»، گوتیشـــی: «کورد خاوەنی ملیۆنەها ئافرەتی بەتواناو بەجەرگە کە هەمیشە وەك پیاوان لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕش و ڕاپەرینەکاندا خەباتیان کـــردووە، جا بە خەباتـــی چەکداری بێت، یـــان خەباتی نهێنی، ئێســـتاش ئافرەتان ئامادەن بۆ بەرگریکردن لە وڵات چەك هەڵگبرن».

باســـی لەوەشـــکرد کە ئەوان وەك ئافرەتان دەتوانن بەچەند شێوەیەکی جیاواز خزمەت و هاوکاری هێزی پێشمەرگە و کەسوکاری پێشمەرگە و خێزانە ئاوارەکان بکەن. ئەوەش کە بەهاوکاریی رێکخراوەکان توانیویانە چەندین چالاکیی جیاواز لەم قۆناغەدا ئەنجام بدەن، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «ئێمە توانیمان هەڵمەتێکی بەردەوام بۆ خوێنبەخشین رێکبخەین، توانیمان هانی هەموو ئافرەتان بدەین بۆ بەخشینی خوێن بۆ ئەو برا پێشمەرگانەی کە لە بەرەکانی جەنگدا بریندار بوون، ئەم هەڵمەتەی ئێمە دەرگا بـــەدەرگا بوو، واتە نەك تەنیا چالاکان و رۆشنبیران، بگرە هەموو ژنان بەگشت چین و توێژە جیاوازەکانەوە بەشـــدارییان تێدا کرد».

باسی لەوەشکرد کە ئافرەتان توانیویانە لەم کاتەدا کە هەرێمی کوردســـتان رووبەڕووی جەنگێکی دەروونی و سیاســـی بۆتەوە، رۆڵێکی باشیان لە هاوکاریکردن و کۆکردنـــەوەی کۆمەك بۆ ئـــاوارەکان و خەڵکانی ســـەرگەردان هەبێت. رێژەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان بە ئافرەتانی بەتەمەن و نەخوێندەواریشەوە لەم هەڵمەتەدا بەشدار بوون. گوتیشی: «ئێمە رۆژانە ئەرکەکانمان بەســـەر گەڕەکاندا دابەش کـــردووە و هەر گەڕەکەو کارێکی پێ سپێردراوە، بۆ نموونە لە گەڕەکێك خواردن ئامادە دەکرێت بۆ پێشـــمەرگە، لە شـــوێنێکی دیکە کۆمەك و کەلوپەل بۆ ئاوارەکان کۆدەکرێتەوە، هەروەها بە هاوکاریی رێکخراوەکانی مەدەنی هەســـتاوین بە ئەنجامدانی رووماڵێك بۆ خێزانە ئاوارەکان، بەتایبەتی لە ئەمڕۆدا کە ســـەدان خێزان لە شـــاری دهۆکن و لەنـــاو خانوو، یان هەیکەلی ئـــەو بینایانە دەژین کە تەواو نەبووە، ئێمە لە هـــەر گەڕەکێك لیژنەیەکەمان لە ئافرەتـــان خۆبەخش پێکهیناوە بـــۆ رووماڵکردن و رووپێوکردنی ئەو خێزانانە و ئێســـتا ســـەرجەم ئەو خێزانانە هاوکارییان پێدەردێت».

**زیاتـــر لە دوو هەزار ئافرەتی خۆبەخش ناوی خۆیان بۆ بەشداریی سەربازی تۆمارکردووە**

هەر لە درێژەی وەرگرتنی رای بەشـــداربووانی ئەم راپۆرتەدا، سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، ئەوەی دووپاتکردەوە کە ئافرەتانی کورد هەمیشە وەك باوك و براکانیان رەمزی خەبات و پێشمەرگایەتی بوون، گوتیشی: «بەدرێژای مێژووی شۆڕشەکانی گەلی کورد، چەندین ئافرەتی تێکۆشـــەر و پێشمەرگەمان هەبووە، لەوانە مارگرێت ئەو ئافرەتە ئەرمەنییە بوو کە چەکی تێکۆشانی کردبووە شانی و وەك براکانی لە شۆڕشی ئەیلوول بەشداری کرد، یان شەهید لەیلا قاســـم کە نموونەیەکی دیکـــەی خەباتکاری کوردە و دوای ئەوانیش چەنـــدان ئافرەتی دی لە خەباتی پێشمەرگایەتی دانەبڕاون، لەوانە: ناهیدە شێخ سەلام و زەکیە ئیســـماعیل حەقی و چەندانی دی کە وەك پێشمەرگە خەباتی شاخیان کردووە». گوتیشی: «تا ئێســـتا زیاتر لە دوو هەزار ئافـــرەت وەك خۆبەخش ناوی خۆیان تۆمارکردووە و ئامادەن وەك پێشمەرگە بچنە بەرەکانی جەنگ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئافرەتی کورد دەیەوێت وەك براکەی لە ســـەنگەردا بەشـــداربێت دژ بە تیرۆر بجەنگێـــت، هەروەها لەو فۆرمانەی کە ئێمـــە بڵاومان کردەوە نزیکەی چوار هەزار ئافرەت ئامادەن لە هەڵمەتی خوێن بەخشـــیندا بەشـــداربن و دەیانەوێت خوێنەکەیان پێشـــکەش بە پێشمەرگە بکەن، هاوکات ئێمە وەك یەکێتی ئافرەتان هەڵمەتێکـــی بەرفراوانی ئامادەکردنی خواردنمان بۆ پێشمەرگە دەســـتپێکردووە، چونکە زۆر خواردن هەن کە بەتامن و ئافرەت دەتوانێت بۆ پێشمەرگە ئامادەی بکـــەن، ئەمەش هەنگاوێکـــی زۆر گرنگە کە هەر یەکـــەو لەجێی خۆیەوە کارێك بکات و دڵســـۆزی و بەئەمەکـــی خۆی بۆ بەرگری لە خاك و نیشـــتمان بسەلمێنێت».

پەرلەمانتار ئامینە زکری لە دوابەشـــی قسەکانیدا ئەوەی دووپات کردەوە کە ئافرەتانی کورد توانیویانە لـــە خەباتی چەکداریدا رۆڵی باشـــیان هەبێت و لە



هەموو شۆڕشەکاندا بەشداربوون و لەرابردوودا پێشـــمەرگایەتییان کـــردووە، ئەمـــڕۆش دەتوانـــن بەرگری لـــە خاکـــی پیرۆزی کوردســـتان بکەن .گوتیشـــی: «لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ئافرەتان توانییان لە پرۆســـەی سەربازیدا رۆڵێکی باش بگێڕن و چەندین پۆستی ســـەربازیش وەربگرن، ئێســـتاش چەندان ئافرەت هەن کە ئەفســـەرن و لە سنووری وەزارەتەکانـــی ناوخـــۆ و پێشـــمەرگەدا و چالاکیـــی بەرچاویان هەیە، ئێســـتاش ئـــەوەی من ئـــاگادار بم، لە شـــاری دهۆك چەندان ئافرەت داوایان کردووە کە لە خولی سەربازی بەشدار بن، ئێمـــەش داوامان لە فەرماندەیی دهۆك کردووە کە ئافرەتانی خوازیار لە مەشقکردنی سەربازی بێبـــەش نەکـــەن، ئێمەش هاوکاریی تـــەواویـــان

دەبین بۆ ئەوەی خولی بەکارهێنانی چەك بۆ ئافرەتان بکەنەوە بۆ ئەوەی لە ســـەنگەرەکاندا هاوکاری پیاوان بن، ئەوەش جێگەی شـــانازییە چەنـــدان ئافرەت ئامـــادەن وەك پیاوان بچنە بەرەکانی جەنگ و نیشانەی ئەوەیە کە کورد خاوەنی هێزێکی تۆکمەیە لە ئافرەتان بۆ ئەوەی بەرگـــری لە خاکەکەی بـــکات. ئافرەت و پیاویش هیچ جیاوازییان نییـــە و هەریەکەیان دەتوانن بەرگری لە خاکی وڵات بکەن».